

# تەرنیمە عیرفانییەکانی من

یاسین عومەر ئیبراهیم

### تەرنیمەی یەکەم

لە ساڵی شەڕە گەورەکەدا لەدایکبووم، نازانم کام شەڕ، ئێمە هەمووومان لە ساڵی شەڕە بچووک و گەورەکاندا لەدایک ئەبین. زادەی شەوی نووتەکی پشیلەیەکی شەلم، بێچووی بەشەوارەکەوتووی چۆلەکەی بن دارتێلێکم، وەچەی هەژارییم، پاروویەکی لاوازم، شێکم، دڵتەنگم، تەنیا.

# وازم لە مردووەکان هێناوە
# بە خەونەکانی خۆیانەوە درێژە بە سەفەرەکانیان بدەن

لەلەی من زەمەنە، بەخشندەیە و توندوتیژ، خێرایە و لەسەرخۆ... خەنیمی من ڕۆژگارە، نەفرەتی نێوچاوم جێپەنجەی ئەوە، هەزار تفی کردە برینەکانم و من لە گۆرانی نەکەوتم، ناکۆتا تانووتی لە یەقینم بەژیان گرت و من لە تەهلیلە دەستم هەڵنەگرت... ئازاری من دۆستەکانمن، گەر ئەتەوێ هەلاهەلایی ڕۆحی من ببینی، ئەبێ تەماشای ڕووخساری هاوڕێکانم بکەی...

لە لادێکاندا ژیاوم. لە هەڵدێرەکان بە غار هاتوومەتە خوار. بەرسیلەی ماڵە هەتیوەکانم خواردووە. دەستم بۆ هەڵوژەی کاڵی بێوەژنە پرسەدارەکان بردووە. موعجیزەی زەردەپەڕم بینیوە. لە گردەکان تلۆربوومەتەوە، قۆڵم ڕووشاوە و چەناگەم، لە فیکەلێدان نەکەوتووم. قەشمەرییم بە ئەسپەکان کردووە. هەزارەها وێنەی یەک ماسی بچووکم لە تەنیشت بەردێکی بەقەوزە داپۆشراوەوە گرتووە. لە تەویلەکانا بۆنی شەهوەتم کردووە. لەسەر تەنورەکان مەعریفەم بە برژاوی خواردووە. لە کچێکەوە فیکر فێربووم و لە مامۆستاکانیشەوە جەهل، لە (کۆمەڵە)یەکەوە وتەکانی خودام ژنەفت و لە مەلاکانیشەوە زەندەقە، منداڵێکی نازداربووم، حەزم لە خواردنی هەنگوین و درەنگ لەخەوهەستان و سەفەری ناو کتێبەکان بوو.

نەزانم بە جینالۆژیای ئەم سەفەرەم، نازانم لە گوڵە سەوسەنم یان لە بۆق، نەوەی فریشتەکانم یان هی قەوزە، لەسەر پنجەگیای بێستانە فەرامۆشکراوەکان سەوز بووم یان لە نوتفەی گەلگامێش، نەزانم بە مێژووی خۆم و دڵخۆشم بەوەی کە ئەژییم، دڵخۆشم بە ژیان، دڵخۆشم بە سەوزی، دڵخۆشم بە ئاو و بە مەرگ و مردنیش، سڵ لە زیندەگی ناکەمەوە، بە شادی ئەڵێم وەرە هاوڕێ، بە غەم ئەڵێم لەکوێیت ئەی دۆست، بچوکم یان گەورە ئەرزشێکی نییە، لە توانجی کچە شیکەکان ناترسم، گرنگ ئەوەیە مرۆڤم، گرنگ ئەوەیە مەستم و سەرخۆشم و شتانێک نابینرێن من زۆرجوان ئەیانبینم، دزێوە دەنگم و گۆرانیش هەر ئەڵێم، کەس گوێ بۆ ترپەکانی ڕۆحم ڕاناگرێت و پڕ بە دونیاش خودانی ئەوینم.

باوەڕم بە ڕێگاکان نییە، باوەڕم بە گێڕانەوەکان نییە، باوەڕم بە شایەتەکانیش نییە، من کۆرپەلەی یەک چرکە پێش ئێستام، ئێستاش بوونی پەتیی منە، ئێستاش ماڵی کۆتایی هاتووی منە، وازم لە مردووەکان هێناوە بە خەونەکانی خۆیانەوە درێژە بە سەفەرەکانیان بدەن، وازم لەو باڵندانە هێناوە کە لە نادیارەوە دێن و تانووت لە ئاراستەیان ناگرم، باکیشم نییە لە هۆلاکۆم یان حەرفێکی عەجەمی کتێبێکی ناو دیجلە، لە شمشێرەکەی

عەلیم یان خوێنی ئافرەتێکی جووی بەنی قورەیزە، باکم نییە لە هەرچییەکم و ئەمەوێ لەگەڵ ئەم خەونانەمدا وازی بکەم، لەگەڵ ئەم دیوارانەدا بێمە جەنگ، لەگەڵ ئەم قەرەجانەدا بکەومە سەما، باکم نییە پێشتر لەکوێ بووم، من ئەمەوێ لێرەبم لەسەر ئەرز، چێشتەنگاوێک بەخۆڵ بکەم و بەردێک بە دیاری بۆ پڵنگەکانی چیا ببەم.
«پیرۆزە» ژنە بۆنخۆشەکان بە دایکمیان وت.. پیاوە چڵکنەکان بە باوکمیان وت «پێ و قەدەمی‌خێر» گوێزەبانەی من تێگەیشتنی ئازاراویی من بوو لە حیکایەتی بوون. چڵمنێکی ڕەشی پیس و پۆخڵ بووم، ڕۆژی سێ دەستە پسکیتم تریت ئەکرد، خۆم پیس ئەکردو لەشکرێک لە کچ خەریکی پاککردنەوەم بوون، ئێستاش هەر خەریکی پاککردنەوەمن. سواری ئێستر بووم. دارم لە ماینەکان ژەنیوە، نێرەکەرەکان گازیان لێگرتووم، فامم کردۆتەوە و سەربازەکان دەبینم، پۆستاڵەکان دەبینم، شەڕکەرە سەرکەوتووی دۆڕاوەکان ئەبینم، تفەنگ ئەبینم، شمشێر ئەبینم بەناوی خوداوە شەڕ بۆ ئیبلیس و بەناوی گەلێکی گەورەوە شەڕ بۆ یەک خێڵ ئەگێڕێ.
بانگیان بەگوێدا هەڵگوتم، تاپۆی من خرایە دەستمەوە، لەسەر پیاوێکی چاوڕەشی ڕاستگۆی سەحرانشین ناونووس کرام، قەواڵەکەشم ڕێکردن بوو بەشوێن سەرابیانە هەنگاونانی ئەوا، من ئەمویست بەبێ ورتە ئەم نوختانە بخەمە سەر وشەکان، بەبێ پرسیار ئەم پارووانە قوتبەم، ئەمزانی چەند خۆشە ببیتەماڵی ئاماژەیەک، ببیتە کۆیلەی دەلیلێک، پێویستت بە خواردن نەبێت، پێویستت بە ئافرەت نەبێت، چەند خۆشە کوڕی پیاوێکی خانەدان بیت، پێویستت بەهیچ هاوڕێیەکت نەبێت، تەنها بە یەک ئاو خۆت بشۆیت، زیاد لە دەرگایەکت هەبێت بۆ لە ماڵ هاتنە دەر. یەک جۆر چا بخۆیتەوە. یەک جنس لە کتێب بکڕیت. یەک زمان بزانیت (زمانی خودا). یەک جل لەبەرکەیت هەتا مردن. چەند خۆشە عاقڵ بیت. چەند خۆشە زیرەک بیت و وتەی ماموستاکان لەبەرکەی، فەرموودەی ئەولیاکان لە دڵتا نەخشکەی. بڕۆیتە دەرەوە و کەس خراپەت باس نەکا، کەس ڕقی لێتنەبێتەوە، نە عەرەبانچییەکان و نە پۆلیسە داربەدەستەکان، نە ئەوانەی کاتژمێر لە دەستی ڕاستیاندایە و نە ئەوانەش چەپلەرن.. ئای چەند خۆشە بگەڕێیتەوە ماڵەوە و لەسەرخۆ ڕابکشێیت، بەبێ خەم بخەویت و بەبێ خەوبینینیش هەڵبستیت.

## تەرنیمەی دووەم

گەورە ئەبی و لە باوەشەکان دێیتە دەر، ئیتر دەستەکان دەستاودەستت پێناکەن، سەرلەنوێ

لە کۆڵان لەدایک ئەبیتەوە، ئەبیتە شتێک جیاواز لە هەموو شتەکانی دی، جیاواز لەهەموو سەردەمەکانی دی، ژیانی خۆت پڕبەدڵ ئەژیت، ژیان هەر هێندە بەهرەمەندت ئەکا، لە دەریایەکدا مەلە ئەکەیت کە تەواوی عومرت ئەبێ وەسفی مروارییەکانی بکەی، میوەیەک ئەخۆی کە ئەبێ تا مردن بەشوێن بەبیرهێنانەوەی تامەکەیدا وێڵبی، لە گەڕانتا تێئەگەی ئەو تامە پەرتبووە بەسەر گەردە نەبینراوەکانی حەقیقەتا، ئیتر پەلاماری هەموو بوون ئەدەیت و کاتێک پێڕائەگەیت پاروویەک چێژبکەیت مەرگ بەخەندەوە بانگت ئەکا، شایەتومانت بە ژیان نوێ ئەکەیتەوە و ئامادەی، پەشیمان نییت، دڕدۆنگ نییت و پڕ بە دونیاش بەختەوەر.
نامریت! درێژتر لەوەی مەزەنەت کردووە بۆن بە بۆگەنکەی بوونەوە ئەکەیت. دڵت بە ئاوی کانییە پڕ سەدەفەکان ئەشۆیت، بۆنی عەردە جوداکان بەخۆتەوە ئەکەیت. ئێواران گۆرانی بۆ خۆڵێکی ڕەش ئەڵێیت و بەیانیانیش بۆ تەپونمێکی سپی، زیاد لە پێناسەیەک وەک چاوەزار بەخۆتەوە هەڵئەواسیت، هێندە وزەت تیا نییە بڕستی ژیانت هەبێت بەبێ ڕەگ، گوڵێکی ترسنۆکیت و هەمیشە چاوت لە ئاسمانە. ترسنۆکیت و لە باجی بیابانگەڕەکان خۆت ئەدزیتەوە، لە فیدیەی خودا مردووەکان ڕائەکەیت، هەمیشە چاوت لە ئاسمانە، هەمیشە چاوت لە خوداکانە، چاولەڕێی دەستومەچەکە کوتراوەکانی، گەلایەکی پەراگەندەیت و ترسی تینوێتی زەردی کردوویت، هەمیشە چاوەڕێی قەدەری هەڵوەرینیت. بەکۆڵانەکاندا ئەڕۆیت و چاوشارکێ لەگەڵ زەمەندا ئەکەیت، خۆت لەتیری گەورەیی ئەپارێزیت. سەرسامیت بە خەڵکی ریزکراو لە چوارگۆشەکانی ئایندەدا. سەراسیمەیت و بەخۆت نازانیت، بەهەشتیت و لە بەهای بەهەشتیبوونی خۆت تێناگەیت، باخچەکانت پڕن لە شەمامە پرسیاری دەست بۆنەبراو، کۆڵانەکانت پڕن لە چرای هەزار ساڵ داگیرساو، چاوەکانیشت پڕن لە شاژنە حەسوودی خەوتوو، خەڵک ئیرەییت پێدەبەن و تۆش بە ئەڤینەوە تەماشایان ئەکەیت، گوێت لەدڵی وجوودە، گوێت لە خودی ژیانە کە هەزاران ساڵە فەیلەسوفەکان بەپرسیار خەریکی شوشتنین، گوێت لە ترپە خێراکانی دڵی مردنە، گوێت لە ئاخافتنی یەزدان و فریشتەکانە و هیچ ناڵێیت، گوێت لە هەموو گۆرانییەکانی جەنگە و بە کەس شتێک نابێژیت، ئەو هەموو نهێنییە ئەزانیت، ئەو هەموو نەبینراوە نیگا ئەکەیت و دەمێک ناکەیتەوە بۆ قسەیەک، هەروەکو لاڵەکان تەماشا ئەکەیت و حەرفێکت بۆ وتن پێ نییە، وتوێژ لەگەڵ هیچ بوونەوەرێکدا ناکەیت، تەنیا و ناوازە و لاکەوتەیت، لەپێش خەوتن ئەوەی بینیوتە بۆ خۆتی ئەگێڕیتەوە، ئەو میوە دزراوانە



چێژئەکەیت کە لە ماڵەکانی کۆڵانی ئەودیوتان دزیوتن، پرسیار لەخۆت ئەکەیت و چاوەڕێی وەڵامیش نییت لە هیچ کەس، مەتەڵەکان بۆخۆت ڕاڤە ئەکەیت، پێش گەیشتن بەهەر لێکدانەوەیەک خەوت لێدەکەوێت و خەون ئەبینیت، لە خەونتدا جوتبوونی ماناکانی یەزدان و مرۆڤ ئەبینیت، رۆیشتن بە چوارپێوە ئەبینیت، لە ئاوە مۆرەکاندا مەلەدەکەیت، لە شارە سووتاو و چۆڵکراوە خامۆشەکانی پاش شەڕدا خەریکی گوڵفرۆشتنیت، گوڵەکانت پێدەکەنن، گەڵاکانت ئەتەقنەوە، ئەخەویت و خەوتنت هەروەکو بێداریتە، بوونەوەرێکی بچکۆلەیت، پڕیت لە دڵنیایی، هێشتا دایکت فێرینەکردوویت کە تۆ لاسکێکی لاوازیت و ئەبێ لە زەمینێکی ڕەقەندا سەردەرکەیت.

## تەرنیمەی سێیەم

ئیتر وسڵی گوناهەکان لەخۆم دەرناکەم، ئیدی من گوناهبار نییم، دڵی مرۆڤم لەلا گرنگترە لە داگیرکردنی عەرش، من هەر لە فجوقکردنم لە هێلکەی عەدەمەوە هاوڕێی چۆلەکەکانم، بولبولێکم لە خوێندن نەکردووە، ڕێزی جووتبوونی پشیلەکانم گرتووە لەسەر شۆستەکان، بە قەلەڕەشم نەوتووە «قوزەڵقورت»، بە گوێدرێژم نەوتووە «سندان»، ئەوەتەی هەم بیر لە گەیاندنی دوو کانی ئەکەمەوە بەیەک، کە خەریکە لە تینوێتییدا ئەخنکێن، حەزم لە دەربار نییە، فاریزەی شیعرێکی سووتاوی فەقێی تەیرانم، حەزم لە کەشخەیەتی نییە، داوێنی گوڵە سیسبووەکان ئەگرم و لێیان ئەپاڕێمەوە کە قبوڵم بکەن، حەزم لە ئارامگرتنە وەک لە عەشق، حەزئەکەم لەگەڵ دوژمنەکانمدا پێکی سەرکەوتن هەڵبەم، ڕقم لە نووشتانەوەیە، حەزم لە مردنە لەسەر لوتکەکان، لەوێوە حەقیقەت ڕوونتر ئەبینرێت، کەیفم لە نزمایی نشێوەکانیش دێ، دنیا لەوێ ئاوەڵاترە، ژیان لە کەوتنا تەجەللی ئەکا، ژیان لە پەراوێزەکاندا خەریکی نوقڵ کرۆشتنە، لەوێدا پەنجە دۆشاومژە هەنگوینینەکەی ڕاگرتووە بۆ یەکێک بیلێسێتەوە، ژیان تەماعکردنە لە ناموسی نهێنی، بەشی هەرهەمووومان ئەکا، دوو قۆڵ و بێ قۆڵ و چوار پێ، بەهەموومانەوە ئەتوانین بیخەینە سەر سەما، من خۆم تەماعم لە هیچ نییە، ئەگەر خوداکان بهێڵن هەر بە ڕووتیش ئەگەڕێم، ڕقم لە سفرەکانی موجامەلەیە، بە نانێک ئەژییم کە بە چاوەڕوانییەکانی دایکم برژاوە، پیاز وتەماتە و خەیارێکیش پێویستە، ئاخر ژیان بە ڕەنگە دێزەکانیشەوە جوانە، بە دزێوییەکانییەوە گۆرانی ئەڵێ، لرفەیە، لرفەی ڕەنگە ساردو گەرمەکانە، لرفەیە بۆ پێشەوە، ژیان تەماشای دواوەی خۆی ناکات...

## ئێوە ئەی ئەوانەی ژیان گۆرانیتان بۆ ئەڵێت،
## من ژیان لە سکی دایکما لەباریبردم



هەمیشە بیرئەکەمەوە، ئەو دەمەی بیر لە حیکمەتی گەورەیی ئەکرێتەوە من ئاواز بۆ سۆنەیەکی بچووک دائەنێم، (ستاند) بۆ نیگارکێشێکی بچکۆلانە سازئەکەم، (پالێت) بۆ بەچکە مەیموونێک ڕائەگرم و پێی دەڵێم «بەم پەڕەمووچە بچووکە نیگارێکی بچووک بکێشە» سەروەختی مردنی خەڵکیش بە بچووکێتی باس لە تامی بۆڵەتریێ گەورە ئەکەم، ئەم کەرێتییە لەگەڵ کەس بەشناکەم، لەم جوانییەدا خۆپەرستم و بەشی هیچ کەس دەرناکەم، هەندێکجار هەناسە بەشناکرێت .

حەزم لە ناوازەییە، هەرچەندە ناوازەییش کوشندەیە، حەزم ئەکرد برای ئەو شاعیرانە بوومایە کە لە برسا مردن و دواتر خەڵکی دی لەسەر لێکۆڵینەوە دەربارەی شیعرەکانیان کۆشکی لەسەدەف دروستکراویان بنیاتنا، بە تیراژی کتێبەکانیان بوونە خودا، بوونە ئەفسانە و لە پرۆگرامەکانی خوێندنا دانران. هاواری سەمونفرۆشەکان لەگەڵ کەس ناکەم بە دوو پەرت، دەمەوێت نەعنای پیرەژنە سەوزەفرۆشەکان هەرهەمووی هی من بن، گەرەکمە تەنها کڕیاری بوێری ڕێگرەکان بم کە لەبەر تریفەی مانگدا گۆشتی کەو ئەبرژێنن، قافڵەی حەیا تاڵان ئەکەن، کاروانی بێمروەتی ئەسووتێنن، شازادەی هێمنی ئەتک ئەکەن، ئەمەوێت تەنها کڕیاری زنجیرەکان بم، تاکە کڕیاری دیلێتی، گەورە ڕەهاکەری هاوار، ئەو دەمەی هارمۆنییەت خەومان لێدەخات، من بە نەشاز بلوێرەکەم ئەژەنم، ڕیتمی ئەم گروهە تێکئەدەم، وەکو شمشاڵێکی نەگبەت بۆ هەمیشە کۆک نابم، وەکو گیسکێکی بێحەیا هەمیشە لە ڕێڕەوی ئەم مێگەلە ڕائەکەم.

تەنیایی ئەم ڕۆژگارە زەیستانە ئەژیم کە بێزوو بە ئەزموونکردنی هەموو شتێکەوە ئەکا، گۆشەگیریی ئەم زەمەنە لەشگرانە بە جەنگ دەژییم، ئەم چەرخە هیچوپووچەی یان ئەتکا بە کۆیلەی نیگاکان، یاخود وەکو داستانێکی دانسقەی نەخوێندراوە لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکەی دەتپێچێتەوە، یان وەک قاڵیچەیەکی بێئەرزش ئەتخاتە بەرپێی سوپایەکی تاعونلێدراو، خەمباری ئەم سەردەمە پڕ لە جوانییە ئەژییم، تەنیاییەک کوشندەتر لە تەنیاییەکانی سەردەمی بابل، قەشەنگتر لە تەنیایی خوداکان، ئەو خودایانەی ئەنگێزەی تاکێتی کوشتوونی و بەرەکەت لەو خوانەش ئەبڕن کە ناوی ئەوانی لەسەر نایەت.

### تەرنیمەی چوارەم

ئێوە ئەی ئەوانەی ژیان گۆرانیتان بۆ ئەڵێت، من ژیان لە سکی دایکما لەباریبردم، حەرفی زمانێکی پواوە بووم و بەم هەموو تەمومژەوە هاتوومەتەوە نێو ڕێزمانی ئەم ڕۆژگارە

دەق

پێشبینیکراوە، ڕەنگبێت هیچ شوێنەوارێک جێنەهێڵم، بەڵام کەونارناسەکان لە هەوادا بۆنم ئەکەن، بۆ ئازارەکانم زەجرەکێشن و تەشوێکانیان بە بادا بائەدەن. پاش خۆم حەزم لە جێهێشتنی ڕۆمانێکی گریانهێنە، گاڵتەم بە چارەنووسی ئەو غەزەلخوانە ناشیرینانە دێت کە پاش خۆیان قوتابییە باش بارنەهاتووەکانی پەیمانگای هونەرەکان بە شیکی پەیکەریان بۆ دروستدەکەن. باش لە فەیلەسوفەکان تێناگەم، لە قسەکانیان ئیقتیباس وەردەگرم و لە کۆڕ و کۆبوونەواندا دەیانڵێمەوە. ئەمەوێ قۆپچەی ئاشوبێک بترازێنم، ئەمەوێ دەرگاوانی تۆفانێک بم کە بەدەستی من هەڵئەچێ، هەرچەندە منداڵی کوختە ئارامەکانم، بەڵام خەون بە گەردەلولێکەوە ئەبینم، ئەم نەخشانە هەمووی بسڕێتەوە. هەر هەموو گرێبەندەکان پووچکاتەوە، ئەم پەیوەندییانەی ئێستا بکاتە جۆرێک لە گوناە، شتێک بکات سەروخوار مانایەکی نەمێنێت، کارێ بکا چاک و خراپ تێکەڵ بن، کۆن و تازە ببنە حیکایەتێکی بەسەرچوو. خەوندەبینم و ئازاری گەورەشم لە خەونەکانما پەنهانە، هیچ کامێ لە خۆزگەکانم بە چاوی خۆم نابینم، ڕەنگە دوای من کەسانێک تیایاندا بژین، کە ئەوانیش خەونی گەورەتر ببینن، هەرچەندە بیری منیان نابێت، بەڵام هێندە بەختەوەری بەسە کە کەسانێک ببینی بەختەوەرن. نەفرەتی خودا لە من، گەر حەسودبم، گەر بەغیلبم بە دڵخۆشیی مناڵان لە جەژندا، گەر دڵخۆشبم بەو گوڵانەی پێش وادەی خۆیان لە لاسکەکانیان هەڵدەوەرن.

پینەچییەک پرسیاری کاتم لێدەکات، هێشتا چێشتەنگاوی زەمەنە، هەرچەندە بۆ من تەواو درەنگی کردووە، بۆ من کە چێژ لە ئەوینی کەنارییەکان نابینم، سەردەمێک بوو بە جوتبوونی دوو مێش دەگەیشتمە ئۆرگازم. بۆ ئێوە ئەدگارەکان ڕوونترن، سەیرانەکان چێژبەخشتر، بۆ ئێوە کە تەنانەت پرسە و ماتەمەکانیش بابەتی تەسەللان، چێژ لە گریانیش دەبینن، ڕۆندک بۆ خۆشکردنی تامی ژیانتان دەڕێژن. ئێوە کە لەوسەری بەختیارین، ئێمە لەگۆشەی وەستاوی نوێبوونەوە، لە سووچی سەرەوەی ئەم شارە بێڕۆح و بێ دڵە، لەو خیابانەین کە چەند ساڵێک پێشتر سارای کەمتیارە بەختەوەرەکان بوو، لە گەڕەکی بەگەکانین ئەوانەی بە یەک شەو چوار مێینە تێردەکەن. ئێوە لە بەشە کۆن و سەوزەکەی شار، دانیشتووی ئەفسانەی ئاسک و ڕاوچییە ئەویندارەکە، ئێوە لەو بەشەی شار کە هەرگیز دەستبەرداری میعماریی سوڵتانەکان نابێت، ئێمەش بستێک لەودیو بازاڕی ئازادییەوە. پشت بە پشتی کۆمیتەکەوە، وردەواڵە فرۆشین، نوقڵی ترش و شیرین، کێکی ئێکسپایەری ئێرانی، حەپی ڕێگرتن لە ئاوسبوون، پڵێتەی نەسووتی چرا

**هەمووان بیر لەخۆیان ئەکەنەوە،**
**بەڵام من نقومم لە فیکری تۆیا**

دەستییەکان، قەیتانی پێڵاوی لاستیک، رۆنی مەکینەی دروومانی بێوەژنەکان، پیاڵەی خۆشنوودی و ژێرپیاڵەی زەردەخەنە، برغوی ژەنگاویی پلاکی دیوار و مناڵیی لەقوتوونراو ئەفرۆشین.
تۆ سەیری بێژەرە رووخۆش و تەسریحە تازەکانیان ئەکەیت و هێشتا فیکر گینگڵی پێنەداوی، هێشتا هۆشیاری زیارەتی ماڵتانی نەکردووە، ریکلامەکان دڵتەنگت ئەکەن و فیلم کارتۆنەکانیش بەختەوەر .

**تەرنیمەی پێنجەم**
بیر لە برینەکانت ئەکەمەوە، بیر لە جوانییەکانت ئەکەمەوە، بیرت لێ ئەکەمەوە کاتێک لە پەنجەرەی هەورەبانەکەتانەوە سەیری ئەستێرەکان ئەکەیت. هەمووان بیر لەخۆیان ئەکەنەوە، بەڵام من نقومم لە فیکری تۆیا، ئەی قولەرەشی پیس، کە تۆ ئازارێکت پێ ئەگات هەموو گەردوونی من ئەبێتە خاڵێکی چڕبووەوەی ئازار. بۆ من سەردەمی رەگەزی پاک، ئوممەتی هەڵبژێردراو و باشترین ئۆمەتی لە زەوییەوە هاتووەدەر رۆی. ئەمەوێ پڕبم لە خوێنی پیسی ئێوە، ئەمەوێ بەشێک بم لە رەگەزی نزمتان، ئەمەوێ بێم و بتەکانتان بپەرستم، لە سروتەکانتاندا گۆرانیی میللی بڵێم، ئاوازێک بژەنم نزیک لە رۆحی ئێوەوە، بێئەوەی بووکەشووشەی ئەم ئەفسانانەی خۆم فرێبەم، ئیمان بە ئەفسانەکانی ئێوەش ئەهێنم. تۆ رژدیت و جوانیی خۆت بۆ خۆت، من ئەم جوانییەشت لەگەڵدا بەش ئەکەم، شتێک ئەکەم خولیای نیشتیمانی من بدا لە سەرتان. من لە رەگەزێکم بە جوانی ئەلەرزێت، لە ئازادیی ئێمە جگە لە پووچی هیچیتر سەوز نابێت، ئاسمانی نیشتمانی من مەلبەندی ئەو مەلە گەلحۆیانەیە کە هیچ پێشگۆییەک لەگەڵ خۆیان ناهێنن. هیچ لە زانستی ژیان نازانین، فیزیای فڕینی ئێمە داخراوە. ماتماتیکمان خاڵییە لە پاسادان، جنسی ئێمە مەفتوونە بەسادەیی سەحەران، هەمیشە بانگوێژی مردنین، کەمتر کتێبە پیرۆزەکان بۆ ستایشی ژیان ئەخوێنین، شمشێری ئێمە دەمەزەردی ڕق کراوە.

**تەرنیمەی شەشەم**
ئینسان شتی پڕوپوچ بە موجیزە دائەنێ. چوون بۆ ئاسمان، هاتنی کتێب لە خوداوە، زیندووکردنەوەی مردوو، دوولەتکردنی مانگ، زانینی ئەوەی سبەی رووئەدات و ئەوەی هەزاران ساڵ لەمەوپێش بوو. بەڵام مرۆڤ خۆی گەورەترین موجیزەیە. ئەرێ ئینسان

دەق

بۆ موجیزە راستەقینەکان نابینێ... ئینسان بۆ سپێدانێکی زوو هەڵناستێ دونیا ببینێ؟. چی هەیە لە بینینی گەردوون بە سپێدان مەزنتر بێ؟. رۆحی قوڕ دەبینی، هەناسەی زەوی لە سافترین کاتیدا هەڵدەمژی، بەگڵ ئەڵێیت بمانبەخشە ئەی رۆحی وجود، بمانبەخشە، ساڵەهایە ئێمە لە تۆ دروستبووین و کەچی رۆژێکمان تەرخان نەکرد بۆ گوێگرتن لە هەناسەت، هەرچیمان هەیە هی تۆیە و هەمیشەش خەریکی ستایشی شتانێکی ترین... ئینسان بۆ سپێدان پیاسەیەک بەناو خۆیدا ناکات و گۆرانییەک ناڵێ؟. چی ئەبێ سپێدانێک هەستین، تەنها بۆ گوێگرتن لە بێدەنگی، بۆ سەیرکردنی هیچ؟ بۆ کرۆشتنی ویردی ئەزەلیی ژیان؟... چی ئەبێ هیچ نەکەین؟، هیچ نەکردنیش بۆخۆی جێی سەرسوڕمانە، لە باخچەیەکدا هەر دەستکاریکردنێکی نەخشەی گوڵ شتەکان ئاڵۆزتر بکات؛ خەوبینین بە گەڵایەکی شەرمنەوە باشترین کارێک نییە؟ هەردوو دەستت بەناویەکدا بەریت و بیخەیتە پشت سەرت و فیکە لێبدەیت؟ لە گەردوونێکدا هەموو رێگاکان بتبەنەوە بۆ ماڵی رق، وازهێنان لە خۆشەویستی باشترین کارێک نییە؟ چی هەیە لە ئاو سەیرتر؟ بەڵام چی لە مرۆڤ دەکەیت، حەزی لە سەیارەیە، پێویستی بە کۆندۆمە، شەیدای بینای گەورەیە... ئاو کە تامی نییە؟ بۆ هێندە بەتامە؟ بۆ دەتوانین واز لە هەموو شتێک بێنین تەنها ئاو نەبێ؟ تەنانەت مانگرەکانیش وازی لێ ناهێنن. ئەمماننەگرتنەی ئینسان لە ئاو چییە جگە لە موجیزە؟ بەڵام چی لە مرۆڤ دەکەیت، چی؟ مرۆڤ ساڵەهایە لە ئاوێنەکاندا سەیری خۆی دەکات و هەموو دزێویی دونیا ئەبینێ، دیارە ئیتر پێویستی بە دەنگێکی ترە پێی بڵێت «ئەها!! بەڕاستی جوانیت» ئایا ئەم توانای درۆکردنە لەگەڵ خۆناشیرینترین موجیزەی ئینسان نییە؟..

*ئەم قەسیدەیە لە دەیەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی یەکەمی پێ بەخشرا.